وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

کۆلیژی پەروەردەی مخمور

بەشی  کوردی

قۆناغی :چوارەم

بەشە وانەی یەکەم

بابەت: بینین و ڕاهێنان



# بینین و ڕاهێنان


## وانەبێژ

شیرین شادان جمیل

Email Shireen.jameel@su.edu.krd


2024-2023



رێگا: (زمانەوانیەوە ) : بە مانای رێچکە یان رێگایەك کە دەگیرێتە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانج .

رێگا : ( زاراوەییەوە ) : ئامرازێکە مامۆستا دەیگرێتەبەر بۆ گەیاندنی ئەزموون و شارەزاییەکان بە قوتابیەکانی لە هەر وانەیەك لەو وانانەی دەیڵێتەوە ، ئەمەش کۆششێکە لە پێناو بە دیهێنانی ئامانجەکاندا دەدرێت .

**وانەووتنەوە (التدريس):**

پەیرەوکردنی کۆمەڵێك کردارە کە پێشتر پلانی بۆ دارێژراوە بە مەبەستی فێربوون و گەشەکردنی خوێندکار لەسەر جەم بوارەکانی (مەعریفی و ویژدانی و دەروونی -جووڵەی ).

- ڕێگای وانەوتنەوە (الطريقة التدريس):
- بریتیە لە کۆمەڵێك هەنگاوی یەك لە دوای یەك کە مامۆستا بە پێی پلانێکی دیاریکراو جێ بە جێ ی دەکات بە سوود وەرگرتن لە هۆکارو ئامرازەکانی فێرکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو .

شێوازی وانە وتنەوە: تایبەتە بە خودی مامۆستا ، بریتیە لە کۆمەڵێك ڕەفتارو هەڵوێست و هەڵسوکەوتی تایبەتی مامۆستا لە کاتی وانە وتنەوە لە پۆلدا جێبە جێیان دەکات ، هەروەها بە پەسند و گونجاویان دەزانێت ، لەبەر ئەوە بەردەوام دەبێت لەسەریان .

- **فێركردن :** پێك دێت لە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر فێربوونی تاك لە سەرجەم لایەنەکانەوە . یان

- **فێركردن** بە کاردەهێنرێت بۆ ئاماژە کردن بەو پرۆسیسانەی کە مامۆستا پێی هەڵدەستێت بۆ گواستنەوەی زانیاریەکان بۆ خوێندکار لە فێرکردنی ڕێکخراودا .

- **کەواتە فێرکردن بریتیە** لە کۆششێکی تاکە کەسی ( مامۆستا ) بۆ یارمەتیدانی ئەویتر (خوێندکار ) بۆ فێربوون .

# وانەی بینین بۆ؟ لە پێناوی چی؟




1. هەنگاوی یەکەمی پەروەردەی کرداریيە.
2. تێبینی کردن و سەرنجدانە.
3. ئامادەکاریی و دڵنیاییە.
4. لەپێناو چەسپاندنی زانراوەکان
5. لەپێناو مەیدانی بوونی پیشەی فێرکاری.
6. تاکو ئامادەی پەروەردەو فێرکردن بین.

# بینین



- بینین یەکەم هەنگاوی گرنگی کردارییە و هەوڵێکە بۆ ئاشنابوونی مامۆستای ڕاهێنراو بە هونەرەکانی وانەبێژی.

- بینین کردارێکی تێبینیکارانەی دوولایەنەیە بۆ هەڵوێستەجیاجیاکان کەلەنێو پۆلدا ڕوودەدەن

- کرداری چاودێریکردنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونە لەڕێگەی سەرنجدان و تێبینیکردنەوە.

- کەواتە: بینین کردارێکی تێبینیکارانەی ڕەخنەیی دوو لایەنەیە بەئامانجی هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن کە خۆی لەمامۆستاو قوتابیی و بابەت و چۆنییەتی وتنەوەیدا دەبینێتەوە. هەموو ئەمانەش لەپێناو وەرگرتنیی ئەزموونێکی نوێ لەلایەن قوتابی ڕاهێنراوەوە بۆ ئاییندەیەکی ئامادە.

# ڕەگەزەکانی بینـــین






# بایەخ و گرنگی بینین

- زانیاری پێدانی قوتابی سەبارەت بە ڕێگاو شێوازە جیاوازەکانی فێرکاری.
- جێگیربوونی زانراوەکانی سەبارەت بە وانەبێژی کەلەپۆلدا وەریگرتووە.
- پاڵنەری دەروونییە بۆ بوێریی و مەیدانیبوون.



# مەرجەکانی بینین



- پێویستە بینینەکە ئامانجدار بێت
- هەبوونی پلانی پێش وەختە.
- هەبوونی کلێشەیەکی تایبەت بە هەڵسەنگاندن.
- هەڵسەنگاندن و ڕخنەو سەرەنجەکان پێویستە دوولایەنە بن.
- دەرنەچوون لەچوارچێوە بابەتی دیاریکراوی پێشکەشکراو.
- چاودێریکردن.
- بەدواداچوون.

# پێناسەی پەروەردەی کرداریی

- پەروەردەی کرداریی یەکێکە لە توخمە بنەڕەتی و بەشداربووەکان لەپرۆسەی پێگەیاندن و ئامادەکردنی مامۆستایان تاکو بەباشی رابهێنرێن و ڕێز لەپیشەکەی خۆیان بگرن.


- پەروەردەی کرداریی لایەنی جێبەجێکارییە لە پەروەردەو پێگەیاندنی مامۆستایان و ئامادەکردنییان بۆ ئەو چالاکییانەی لەناوپۆلدا ئەنجام دەدرێت

- پەروەردەی کرداریی یەکێکە لەبوارەکانی ڕاهێنانی مامۆستاو ئامادەکردنی بۆ مەیدانی جێبەجێکاری.

- کەواتە: **پەروەردەی کرداریی** یەکێکە لە پێداویستییە سەرەکیی و لەپێشینەکانی چوونە نێو کرداری پەروەردەوە، کە بینین هەنگاوی یەکەمییەتی.

# قۆناغەکانی پەروەردەی کرداری




**یەکەم/ بینین (المشاهده):**

- هەبوونی ئامانجێکی ڕۆشن و دیار.
- بەرنامەڕێژی پێش وەختە.
- چاودێریکردن.
- بەدواداچوون.

**دووەم/ بەشداریکردن (المشارکه):** قۆناغی گواستنەوە لەنێوان پەروەردەی کرداریی و کرداری پەروەرد

**سێیەم/ پیادەکردن (الممارسه):**

ئەگەر لەو دوو قۆناغەی پێشەوەدا قوتابی ڕاهێنراو سەرکەوتوو بێت، ئەو لەم قۆناغەدا مامۆستایەکی سەرکەوتوو دەردەچێت

# ئەرکەکانی قوتابی ڕاهێنراو

## ئەرکە خودییەکان

- ئامادەبوون.
- پابەند بوون.
- گوێگرتن.
- هەڵوەستەو سەرنجدان.
- تێگەیشتن و ئەنجامگیری.

## ئەرکە بابەتییەکان

- پەیوەست بوون بەیاسای قوتابخانەی هاوکار
- پارێزگاریکردنی ناو و ناوبانگی قوتابخانەو ماموستاکانی.
- پابەندبوون بەکاتی فەرمی قوتابخانەوە.
- هاوکاریکردنی ماموستای هاوکار.

# ئەركە پەروەردەییەكان

- جۆری پێشكەشكردنەكەی مامۆستا، دەستپێكردن – ناوەڕۆك – كۆتایی.
- هۆكارەكانی وانە وتنەوە، بەردەست بوون؟ گونجاو بوون؟ هەمەجۆربوون؟
- ڕاگرتنی هێمنیی پۆل، بەڕێوەبردنی چالاك، بەشداری گەرم و گوڕ.
- زمانی جەستە، دەنگی مامۆستا، جوڵەی ناو پۆل،
- هاندان و پاڵنەر، ناوهێنانی قوتابی.
- هەڵسەنگاندن و فیدباك.
- لێكبەستنەوەی بابەتەكەی بە پێش و و دوای خۆیەوە، ئەركی ماڵەوە.



# کلیشەی بینین سەبارەت بە ئەرکەکان

| زنجیره | لایەنە سەرەکییەکانی سەرنجدان | لایەنە لاوەکییەکانی سەرنجدان | هەڵسەنگاندن | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| 1 | کەسێتی مامۆستا | مامەڵەی پەروەردەیی و ڕەچاوی دەروونی | | | | | |
| | | ڕوکاری گونجاو | | | | | |
| | | بەکارهێنانی زمانی جەستە | | | | | |
| | | هەبوونی کۆنترۆڵی پۆلی | | | | | |
| | | دەنگ و دەربڕین | | | | | |
| | | هەبوونی پلانی وانەوتنەوەی | | | | | |
| | | هەبوونی فیدباکی قوتابی | | | | | |
| | | بەشداری پێکردنی بەقوتابی | | | | | |
| | | دەستخۆشی و هاندانی قوتابی | | | | | |
| | | مامەڵەکردن لەگەڵ کاتدا | | | | | |
| | | ڕێگاو شێوازی وانەوتنەوە | | | | | |
| | | هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە | | | | | |
| | | ناوهێنانی قوتابی | | | | | |

| زنجیره | لایەنە سەرەکییەکانی سەرنجدان | لایەنە لاوەکییەکانی سەرنجدان | هەڵسەنگاندن | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| 2 | قوتابی | ژمارەی قوتابی لەپۆلدا | | | | | |
| | | بوێری قوتابی | | | | | |
| | | ئاستی بەشدارییان لەپۆلدا | | | | | |
| | | پەیوەندییان پێکەوە | | | | | |
| 3 | ژینگەی پۆل | شوێنی دانیشتن | | | | | |
| | | کەرەستەو پێداویستییەکانی وانە | | | | | |
| | | هۆکارەکانی ژیان | | | | | |
| | | پاك و خاوێنی | | | | | |
| | | کەش و هەوای ناو پۆل | | | | | |
| 4 | بابەتی وانە | شێوازی دەستپێك(پیشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام) | | | | | |
| | | ڕوونکردنەوەنموونە هێنانەوە | | | | | |
| | | پرسیارکردن | | | | | |
| | | هەڵسەنگاندن | | | | | |
| | | پێکبەستنەوەی وانە بە ڕابردوو + داهاتوو | | | | | |

# سوپاس بۆ گوێگرتنتان



**بەهیوای سەلامەتی بۆ**

**هەمووان**